# ئایا نوێژ کردنەکەت
# وەك نوێژ کردنی پێغەمبەرە ﷺ؟

بەشی: دووەم

م/ لقمان حسن أمين

**دوانزەهەم: تەفسیری سورەتی فاتحە:**

بسم/ (ب) بـائی (إسـ تعانة) یـە، (اسـ م) لێرەدا بـەتاك هـاتووە بـەڵام هـەموو نـاوە جوانـەکانی خـوای گـەورە دەگرێتـەوە، واتە/ دەست پێ دەکەم بەپشت بەستن بە ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە.

الله/ ناوێکە لە ناوەجوانەکانی خوای مەزن وئەم ناوەی لە هیچ کەس نەناوە وناشـێت بـۆ هـیچ کەسـێکی تـر، چونکە سـیفەتی پەرستراوێتی (الألوهیة) ی لەخۆ گرتـووە، بـەڵام نـاوی (الله) لێـرەدا بـۆ سـەلماندنی سیفەتی پەرسـتراوێتی نـەهاتووە، بـەڵکو لێرەدا (عطف بیان)ە، واتە: لێرەدا روونی دەکاتـەوە کـە ئـەم نـاوە جوانـە هـەموو سیفەتە بەرزەکانی خوای گەورە دەگرێتە خۆی کە لەم ئایەتـەدا ( الرحمن الـ رحیم) دراوەتە پاڵی و لە ئایەتی تریشدا هەندێك سـیفەتی بـەرزی تـری خـوای گـەورە دراوەتـە پـاڵی وەکـو لـەم ئایەتـەدا بـە جوانی دیارە کە دەفەرمێت:

﴿الر كِتاب أنزلْناه إِلَيك لِتخرِج الناس مِـن الظُلُماتِ إِلَى النور بِإِذْنِ ربهم إِلَى صِـراطِ الْعزِيز الْحمِيدِ اللِهِ الذِي له ما فِي السماواتِ وما فِي الْأَرض وويلٌ لِلْكَافِرِين مِن عـذَابٍ شدِيدٍ﴾ [ إبراهيم/ ١-٢].

واتە/ موسڵمان دەبێـت لەهـەموو کارێکـدا تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستێت کـە خاوەنی ئەم هەموو سیفاتە بەرزانەیە.

(الرحمن الرحیم)/ دوو نـاوی جـوانی خـوای گەورەن کە مانـای ئەوەیـە خـوای گـەورە سۆزێکی و فراوانی هەیە کە هەموو شـتێك وزیندووەرێك دەگرێتەوە، وە ئەو کەسەی کـە لـە خـوای گـەورە دەترسـێت و گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانێتی و دوای پێغەمبەرە نێردراوەکـانی دەکـەوێت ئـەوا لە دونیـا و دوا ڕۆژدا ئـەم سـۆزەی خـوای گەورە دەیگرێتەوە، وە ئەو کەسەیشی بە پێچەوانەی ئەمانەوە بێت ئەوا بەشێك لەو

سۆزە دەیگرێتەوە لە دونیادا، چونکە سیفەتی( الرحمن) بۆ هەموو کەسێکە موسڵمان بێت یان کافر بەڵام سیفەتی (الرحیم) بەتەنها بۆ موسڵمانانە لە ڕۆژی قیامەتدا.

(الحمـد لله)/ شێخ عبدالرحمن سەعدی دەفەرمێت: ستایش کردنی خوای گەورەیە بەسیفەتە بەرزەکانی و بەکردارەکانی کە لەنێوان (فضل) و(عدل) دایە.

واتە/ لەنێوان (فضل) ی خوای گەورە کە شتت پێ دەبەخشێت بەبێ ئەوەی هیچ مافێکت تێیدا بێت، ئیتر چ هیدایەت بێت یان ماڵ ومنداڵ....هتد.

و( عـدل)، واتە کردارەکانی ستەم وجەوری تێدا نی یە بەڵکو هەریەکەو مافی خۆی دەداتە دەستی، وە کردارەکانی چ(فضل) بێت یان (عـدل) هەمووی بە دانایی یەوە بەکار دەهێنێت، وهەر شتەو لە جێی خۆی دایدەنێت بە بێ کەم وزیاد.

(رب العالمین)/ ئیمامی شنقیطیدەفەرمێت: لێرەدا ڕوون نەکراوەتە (عـالمین) چی دەگرێتەوە بەڵام لە شوێنێکی تردا ڕوونی کردۆتەوە: ﴿ قَـالَ فِرعـونُ: ومـا رب الْعالَمِين؟ قَالَ: رب السماواتِ والْأَرضِ وما بينهما﴾ [الشعراء /٢٣-٢٤].

واتـە: هەموو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەیش لە نێوانیاندایە ٠

(الرحمن الرحیم) لە (بسـم الله الـرحمن الـرحیم)باسمان کرد وە لە کۆتای تەفسیرەکەدا تەفسیرەکەی ئیمام (ابن القیم) دەهێنمەوە بۆ ئەم سورەتە کە بە شێوەیەکی زۆر جوان باسی ئەم دوو ناوە جوانە و سیفەتە بەرزانەی خوای گەورە دەکات٠

(مالك یوم الدین)/ (المالك): ئەو کەسەیە کە سیفەتی (مالـك)ی هەبێت، وە شوێنەواری ئەم سیفەتەیش لەوەدا دەردەکەوێت کە فەرمان بکات و شت قەدەغە بکات و پاداشت بداتەوە و سزابدات و چۆن بیەوێت ئاوها هەڵس و کەوت لەگەڵ هەموو جۆرە موڵکەکانی بکات ٠

(یوم الدین) واتە: ڕۆژی پاداشت و سزا، ئەو ڕۆژەیە کە هیچ کەسێك خاوەنی هیچ شتێك نی یە، بە تەنها خوای گەورە نەبێت، وە لەم ڕۆژەدا بە ڕوون و ئاشکرا تەواوی موڵك و دەسەڵات و عەدل و دانایی خوای مەزن دەردەکەوێت بۆ بەندەکانی. هەر لەو ڕۆژەدایە کە هەموو پاشاکان و گەلەکانیان وە هەروەها هەموو بەندەکانی خودا چ کۆیلە بووبن یا سەربەست هەموویان مل کەچ و بێ دەسەڵاتن بەرامبەر گەورەیی و بەهێزی خوای گەورە و تکایان وایە کە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە، دەشترسن کە سزایان بدات. وە لەبەر ئەم هۆیانەیە کە

ئەم ڕۆژەی بە تایبەتی ناو بردووە چونکە ئەو کەسەی لەم ڕۆژەدا بەتەنها هەڵسوکەوت بکات و سزا بدات و پاداشت بدات و تەنها دەسەڵات دار بێت ئەوا هەر خۆی پەروەردگارە لەم ڕۆژە گەورەیەو هەموو ڕۆژەکانی تردا.

(إياك نعبد)/ (إبن عباس)رضي الله عنهما دەفەرمێت: تۆ بەتەنها دەپەرستین و هەر لەتۆیش دەترسین وداوا وتکایشمان هەر بۆ لای تۆیە.

(إياك نستعين)/ بەتەنها پشت بەتۆ دەبەستین لە جێبەجێ هێنانی فەرمانەکانت ولە هەموو کردارەکانماندا.

(قتادة) دەفەرمێت: خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە بەدڵسۆزیەوە بیپەرستن وپشتیش هەر بەو ببەستن بۆ ئەنجامدانی هەموو کردارەکانتان، وە لێرەدا (إياك نعبد) پێش خراوە لەبەر ئەوەی پەرستن ئامانجە و (إياك نستعين) دواخراوە لەبەر ئەوەی پشت بەستن بە خوا ڕێ خۆشکەرە بۆ ئەنجام دانی پەرستن .

(اهدنا الصراط المستقيم) شێخ عبدالرحمن سەعدی دەفەرمێت: واتە ڕێگای ڕاستمان نیشاندە و یارمەتیمان بدە بۆ ئەوەی بیگرینە بەر، ئەویش ئەو ڕێگا ڕاستەیە کە دەمانگەیەنێت بە خوای گەورە و بەهەشتەکەی کە ئەویش بەزانینی حەق و ڕاستی یە و کارکردنە بەو ڕاستی یە، وە هیدایەتمان بدە بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەی کە ئایینی ئیسلامە و دوورکەوینەوە لە ئایینی ناڕەوا و گەندەڵەکان. وە هەروەها هیدایەتیشمان بدەیت دوای ئەوەی هیدایەتمانت دا بۆ ئایینی ئیسلام بۆ ئەوەی هەموو زانستە شەرعی یەکان فێر بین (ئەم دوو هیدایەتە پێی دەوترێت : هیدایەتی ڕوون کردنەوە و دەست نیشان کردن ((هداية التوفيق والدلالة)) وە دوای ئەم هیدایەتەیش هیدایەتی ئیلهام و کۆمەك کردنمان بدەیت (هداية التوفيق والإلهام) ئەویش بە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانت و دورکەوتنەوەمان لە خراپە کاری. وە ئەم دوعایە چاکترین و ڕێك وپێك ترین دوعایە بۆ بەندە لەبەر ئەوە مەرجە لەهەموو ڕکاتەکانی نوێژدا بخوێنرێت چونکە بەندە پێویستی بەو شتانە هەیە کە لەم دوعایەدا هاتووە.

(صراط الذين أنعمت عليهم)/ ڕێگای ئەوانەی کە خێر و خۆشی و نیعمەتت ڕژاندووە بەسەریاندا، ئیمامی شنقيطی دەفەرمێت: لێرەدا ڕوونی نەکردۆتەوە کێن ئەوانەی نیعمەتی داوە بە سەریاندا؟ بەڵام لە شوێنێکی تردا ڕوونی کردۆتەوە کە دەفەرمێت:

﴿ فَأُولَئِكَ مع الذِين أنعم الله عليهم مِن النبيين والصديقِين والشهداءِ والصالِحِين وحسن أُولَئِك رفِيقًا﴾ [ النساء/ ٦٩].

کەواتــە: پێغەمبــەرەکان و ســددیقەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان ئەگرێتــەوە، وە لەبەر ئەوەیشە ئەو هیدایەتە ناوبراوە کــە خوای گەورە داوێتی بەمانەی باسمان کرد چونکە هیدایەتەکــەی ئــەمان هیدایــەتێکی تەواوە و هەردوو جۆرەکەی تێدایــە واتــە: هیدایەتی ڕوون کردنەوە و دەست نیشــان کردن (البيان والدلالة) وهیدایەتی ئیلـهام و کۆمەك کردن (التوفيق والإلهام) ٠

(غير المغضوب علـيهم)/ ڕێگای ئەوانــە نــــەبێت کـــە ڕێـــی حــــەق دەزانـــن و فەرامۆشیان کــردووە و خــوای گــەورەیش غەزەبی لێیان گرتــووە، مەبەســت لێــرەدا جولەکەکانە٠

(ولا الضالين)/ وە نە ڕێگــای ئەوانــەی کــە وازیــان لــە ڕێگــای ڕاســت هێنــاوە لەبــەر ئەوەی جاهیل و گومڕان بەم ڕێگا ڕاستە، مەبەست لێرەدا: گاورەکانە٠

لێــرەدا لەبــەر گــەورەیی و مــەزنی ئــەم سورەتە مەزنە و تینـوێتی شـکاندنی ئـەو موسڵمانەی دەیەوێت زیاتر لە مانـای ئـەم سورەتە بگات و بچێتە قـوڵایی یـەوە بـە کـــورتی تەفســـیری ئیمـــامی گـــەورەی ســەلەفی (ابــن القــيم) م لــەم نوســراوەدا هێناوەتەوە کە بە ڕاستی هیچی بۆ کــەس بــەجێ نەهێشــتووە لــە پــاش خــۆی . دەفەرمێت: بزانە کە ئەم سورەتە هــەموو داواکاری یــە بــەرزەکانی لــە خــۆ گرتــووە باس و پێناسەی خوای گەورەی تێدایە بە

سێ نـاو لـە نـاوە جوانـەکانی کـە هـەموو نــاوە جوانــەکان و ســیفەتە بــەرزەکانی خوای گەورەی بۆ دەگەڕێتەوە کە ئەویش (الله – الــرب - الــرحمن) ە ٠ وە ئــەم ســــوورەتە بنیــــات نــــراوە لەســــەر پەرستراوێتی (الإلهيـة) و پــەروەردگارێتی (الربوبية) وسۆز و بەزەیی (الرحمة) .

(إيــاك نعبــد) بنیـات نـراوە لەسـەر پەرسـتراوێتی (الإلهية)، و (إياك نسـتعين) لەســەر پــەروەردگارێتی (الربوبيــة)، و داواکردنــی هیدایــەت بــۆ ڕێگــای ڕاســت لەسەر سۆز و بەزەیی.

وە (الحمد) هەرسێکیان دەگرێتـە خـۆی: خوای گەورە سوپاس و ستایش دەکرێـت لەبــەر پەرســتراوێتی وپــەروەردگارێتی و سۆز و بەزەیی ٠

ووتم : [ووشەی (حمد) بە دوو مانا دێت لە زمانی عەرەبیدا:–

١– سوپاس دەکرێت بە (مقابلة) بەرامبەر واتە: چاکەیەکی کردووە لە گەڵتدا تـۆیش بەرامبەر چاکەکەی سوپاسی دەکــەیت وە ئــەم جــۆرە سوپاســە ئەشــێت بــۆ خــوای گەورە وبۆ بەندەیش ٠

٢–سوپاسی دەکەیت بە بــێ بەرامبــەری، ئەویش لەبەر نـاوە جوانـەکانی و سـیفەتە بــەرزەکانی کــە هــەمووی ڕێــك و پێــك و تــەواون هــیچ کــەم و کــوڕی یــەکیان تێـدا نیيە . ئەم جۆرە (حمد)ە یش بە تەنها بۆ خـــوای گـــەورە دەشـــێت و هـــەر خـــۆی

شایستەیەتی، لەبەر ئەوەی هەر خۆی بە تەنها خاوەنی ئەم شتەیە خۆی لە خۆیدا شایانی ستایشە (محمود لذاته)، وە ناوی (حميد) لەمەوە وەرگیراوە٠

کەواتە: ئێمە سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەین مەبەستمان هەردوو جۆرەکەیەتی . جۆری یەکەمی ئەو هەموو چاکانەیە کە خوای گەورە لەگەڵ ئێمەدا کردوویەتی و هەرگیز ناتوانین بیانژمێرین لە هیدایەت و ناردنی پێغەمبەران و ژیان و ڕۆزی..... هتد ٠

وە جۆری دوەمیان ئەوەیە کە خوای گەورە خۆی لە خۆیدا شایستەی ئەوەیە کە سوپاس وستایش بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێکت بۆ بکات ئەویش لەبەرتەواوی و ڕێك و پێکی و بێ کەم و کوڕی ناوە جوانەکانی و سیفەتە بەرزەکانی] ٠

وە (مالك اليوم الدين)/ مانای سەلماندنی و زیندوو کردنەوە و جەزا دانەوەی بەندەکانی بە پاداشت یان سزا لە خۆی دەگرێت، وە هەروەها لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایی و هەموو بەندەکانی لە ژێر فەرمانی ئەودان هەموو فەرمانەکانیشی (عدل)ە ٠

وە هەروەها لە چەند لایەکەوە بەڵگەی سەلماندنی پێغەمبەرایەتی لە خۆ گرتووە:-

١- لە بەر ئەوەی پەروەردگاری هەموو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە شیاوی ئەوە نی یە کە بەندەکانی فەرامۆش بکات و قازانج و سود و زیانیان بۆ ڕوون نەکاتەوە لە دونیاو دوا ڕۆژدا، وە ئەو کەسەی ئەمە بداتە پاڵ خوای گەورە ئەوا قەدری خوای مەزنی نەداوە وەکو پێویستە٠

٢- لە ناوی (الله) وە وەردەگیرێت کە هەر خۆی شایانی پەرستنە، وە بەندەکانی هەرگیز ڕێگا بەوە نابەن بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بیپەرستن کە خۆی دەیەوێت و لێی ڕازی یە تەنها لە ڕێی پێغەمبەرە نێردراوەکانەوە نەبێت .

٣- لە ناوی (الرحمن)ە وەیە، لەبەر ئەوەی سۆزی خوای گەورە ڕێ لەوە دەگرێت کە بەندەکانی فەرامۆش بکات. وە هەرکەسێك حەقی ناوی (الرحمن) بدات ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنێت کەوا ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی پەرتوکەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەگرێتە خۆی زیاتر لەوەی کە باران بارین و ڕووەك ڕواندن دەگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی سۆزی خوای گەورە پێویست بەوە دەکات کە ئەو شتەت بۆ بنێرێت کە ژیاندنەوەی دڵ و دەروون و گیانی بەندەکانی پێ دابین دەکرێت زیاتر لەوەی ژیانەوەی لەش و لار و ئەندامەکانی مەبەست بێت، بەڵام ئەو کەسانەی پەردە بە سەریاندا دراوە واتە: (نەزانن) هیچیان لێی هەڵنەکڕاندووە تەنها

ئەو شتە نەبێت ژیانی ئاژەڵ دابین دەكات بەڵام ئەو كەسانەی ژیرن لەوە زیاتریان بۆ دەركەوتووە .

٤- لە باس كردن و ناوهێنانی (یوم الدین) ئەویش ئەو ڕۆژەیە كە خوای گەورە جەزای بەندەكانی دەداتەوە بە گوێرەی كردارەكانیان پاداشت بۆ كارە چاكەكان و سزایش بۆ كارە خراپەكان، وە خوای گەورەیش هیچ كەسێك سزا نادات هەتا هەموو شتێكی بۆ ڕوون نەكاتەوە و پێی ڕانەگەیەنێت وە ئەم پێ ڕاگەیاندنەش لە ڕێگەی قورئان و پەرتوكەكانی یەوە دەبێت و هەر بە گوێرەی پەیڕەوی كردنی بۆ پێغەمبەران و پەرتوكەكان شایستەی پاداشت و سزا دەبێت، هەر بەم بۆنەیەشەوە ڕۆژی قیامەت ساز كراوە و پیاوچاكان بۆ خۆشی بەهەشت و خراپەكارانیش بۆ دۆزەخ نێردراوە.

٥- لە (إياك نعبد) پەرستنی خوای گەورە بەو شێوەیە بێت كە خوا بۆتی داناوە و پێی خۆشە و لێی ڕازی یە، وە پەرستنیشی بەسوپاس و ستایش و خۆشەویستی و لێ ترسانە، وە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە خوڕەوشتی (فطرة) ی مرۆڤدا چەسپاوە و دروست كراوە و هەموو مێشكێكی ژیر بەشتێكی ئاسایی دادەنێت، بەڵام ڕێگای خوا پەرستی تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوەنەبێت نازانرێت، وە لەمەوە دەردەكەوێت كە ناردنی پێغەمبەران شتێكی ئاسایی یە و لە مێشكدا چەسپاوە وە هەرچی كەسێك دان بەوەدا نەنێت كە پێغەمبەران لە لایەن خودای گەورەوە نێردراون ئەوا دانی بە خوای گەورەیشدا نەناوە لەبەر ئەوە دەبینین كە خوای گەورە كوفركردنی بە پێغەمبەران و نێردراوەكانی بەكوفركردن داناوە بە خۆی.

٦- لە (اهدنا الصراط المستقيم) دوو جۆر هیدایەت هەیە هیدایەتی ڕوون كردنەوە و دەست نیشان كردن (هداية البيان والدلالة) و دوای ئەمەش هیدایەتی ئیلهام و كۆمەك كردن (هداية التوفيق والالهام) وە هیدایەتی ڕوون كردنەوە و دەست نیشان كردن نازانرێت تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە نەبێت وە ئەگەر ئەم هیدایەتە دەست كەوت ئەوا هیدایەتی ئیلهام و كۆمەككردن لەسەری بنیات دەنرێت و بڕوا دەخرێتە دڵەوە و بۆی جوان و خۆشەویست دەكرێت و كاری تێ دەكات و ڕازی دەبێت بەو بڕوایە و ئەو كارانە دەكات كە ئەو بڕوایەی پێ دەچەسپێت، ئەم دوو جۆرە هیدایەتەیش دوو جۆری جیاوازن و سەركەوتنی بەندەیش پەیوەستە بەم دوو جۆرە هیدایەتەوە، چونكە ئەم شتانە لە خۆ دەگرێت: پێناسەی ئەو زانیاریە ڕاستانەی كە نەمان زانیوە بە ووردی و درشتی وامان لێ بكات كە بە دڵ و

دەروونەوە بمانەوێت شوێنی کەوین و ئەو هێز و توانایەمان تێدا دروست بکات بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەین بە گوێرەی ئەم دوو هیدایەتە بە زمان و بە کردار، وە دوای ئەمەیش بەردەوام بوون و چەسپاندمان لە سەری هەتا مردن، وە لێرەوە دەرئەکەوێت کە بەندە چەندێ پێویستی بە کردنی ئەم دوعایە هەیە و بەرپەرچی ئەوانەش دەداتەوە کە دەڵێن: ئێمە هیدایەتمان هەیە چۆن داوای هیدایەت بکەین؟ لەبەر ئەوەیە ئێمە داوای هیدایەت ئەکەین چونکە ئەو ڕاستیانەی کە ئێمە هەستی پێ ناکەین و نایزانین گەلێك لەوەزۆرترە کە ئەیزانین و ئەو کردارە چاکانەی کە لەبەر تەمبەڵی و سەرپێچی نامانەوێت بیکەین زیاترە لەو کارانەی کە ئەمانەوێت بیکەین یان کەمتر، وە ئەو کارانەی کە توانامان نی یە پێی هەڵسین لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێت بە جێی بهێنین و ئەو شتانەی کە بە درشتی دەیزانین و بەڵام وردەکارییەکانمان لێ بزرە، ئەم هەموو شتانە کارێکن کە کەس بۆیان نازمێردرێت، وە ئێمە پێویستیمان بە هیدایەتی تەواو هەیە بێ کەم و کوڕی، وە ئەو کەسەیشی کە ئەم هەموو هیدایەتانەی پێ بەخشرابوو ئەوا داوای بەردەوام بوون و چەسپاو تر دەکات لەسەر ئەو هیدایەتانە.

وە هیدایەتێکی تریش هەیە کە دوا هیدایەتە ئەویش لە ڕۆژی قیامەتە بۆ ڕێگای بەهەشت، هەرکەسێك لە دنیادا هیدایەت بدرێت بۆ ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە کە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ دەست نیشانکردنی و پەڕتووکەکانیشی بۆ هەمان مەبەست دابەزاندووە ئەوا لەوێیش هیدایەت دەدرێت بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەی کە ئەیگەیەنێت بە بەهەشت و پاداشتی خوای گەورە، وە بە گوێرەی پێ چەسپاندنی بەندە لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە لەم دونیا کە خوای گەورە دایمەزراندوە بۆ بەندەکانی ئەوا پێی دەچەسپێت لەسەر ئەو ڕێگایەی کەلە سەر دۆزەخ دامەزراوە، وە بە گوێرەی ڕۆیشتنی لەسەر ئەم ڕێگایە لەسەر ئەو ڕێگایەیش ئەڕوات کە تیایانە وەکو بریسکە دەڕوات یان وەکو با یان وەکو .... هتد.

وەدەبێت بەندە ئەوە باش بزانێت و چاك تەماشای بکات کە ڕۆیشتنی لەسەر ئەو ڕێگایەی لەسەر دۆزەخە بە گوێرەی ڕۆیشتنێتی لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستەی کە لە دونیا دەیگرێتە بەر
﴿جزاءً وِفَاقًا﴾ [ النبأ / ٢٦].

وە بابەندە دیقەتی ئەو ئارەزوو و شوبهاتانە بدات کە ڕێگای بەردەوامی لێ دەگرن لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە و با بزانێت کە ئەمانە ئەو قولاپانەن کە لە هەردوو ئەو ڕێگایانەی سەر دۆزەخ ئەیانرفێنێ و

ڕێگـای بـەردەوام لەسـەر ڕۆیشـتنی لـێ ئـەگرن و چـەندە لێـرە زۆر و بـەهێز بێـت ئــەوا لــەوێیش بــە هــەمان شــێوەیە ﴿وما ربك بظلام للعبيد﴾ [ فصلت/٤٦].

کەواتـە: داواکردنـی هیدایـەت هێنانـە دی هـــەموو خێــر و خۆشـــی و وچــاکەیەك ئەگرێتە خۆی لەگەڵ ساغ و سەلامەتی لە هەموو تەنگ و چەڵەمە و کێشـە و شـەڕ و ناخۆشی یەك .

٧- لە زانینی خودی ئەو شتەی کە داوای ئەکەیت کە ئەویش (ڕێگا ڕاسـتەکەیە) وە هیچ ڕێگەیەك نابێتە ڕێگای ڕاست تـاوەکو پێنج مەرجی تێدا نەبێت :-

ڕاست بێـت، بتگەیەنێتـە مەبەسـت، نزیـك بێت، فـراوان بێـت بـۆ لەسـەر ڕۆیشـتوانی (المارين عليه)، دانرابێت بـەو ڕێگایـەی کـە ئەتگەیەنێت بە ئامانج.

وەسف کردنی بەڕاست نزیکیش لـە خـۆی دەگرێـت لەبـەر ئـەوەی هێڵێکـی ڕاسـت نـزیکترین هێڵـە کـە دوو خـاڵ بەیـەکتری ببەسـتێتەوە، و هەرچـەندە چـەوت بێـت ئـەوا دوورتـر دەکەونـەوە لەیـەکتری. وە ڕاستی یەکەی ئـەوەیش لـە خـۆ دەگرێـت کە بیگەیەنێتە مەبەست، وە دامەزراندنی بۆ هەمووکەس کە لەسەری بڕۆن پێویست دەکات کە فراوان بێت، وە لەبـەر ئـەوەی ئـەم ڕێگایـە دراوەتـە پـاڵ ئەوانـەی کـە نیعمەت و خێر و خۆشی دراوە بەسەریاندا و ڕێگای ئەو کەسانە نی یە کە غـەزەبیان لێ گیراوە و گومڕان پێویسـت ئـەکات کـە بە ڕێگای ڕاست دابنرێن.

٨- لە باس کردنی ئەوانەی کە نیعمەت و خێـر و خـۆش دراوە بەسـەریاندا و جیـا کردنەوەیان لـە هـەردوو کۆمـەڵی غـەزەب لـێ گـیراوان و گومڕایـان، لەبـەر ئـەوە خەڵکی کراوەتە ئەم سێ بەشەوە ئەویش بە گوێرەی زانینێتی بۆ حـەق و ڕاسـتی و کارپێکردن بـەم حەقیقـەت و ڕاسـتی یـە. لەبەر ئـەوەی بەنـدە یـان حـەق و ڕاسـتی ئەزانێت وە یان نایزانێـت، وە ئـەوەی کـە حەق ئەزانێت یان کاری پێ ئەکات وە یان کـار بەپێچـەوانەوە ئـەکات، بەنـدەکانیش لەم جۆرانە بە دەرنێن .

ئـەوەی کـە حـەق دەزانێـت و کـاری پـێ دەکات: ئەو کەسەیە کە نیعمـەت و خێـرو خۆشی دراوە بە سەریدا و دڵ و دەروونـی خـۆی پـاك کردۆتـەوە بـە زانسـتی سـود بـەخش و کـاری چـاك، وە هـەر ئـەویش براوەیە:

﴿قد أفلح من زكاها﴾ [ الشمس/ ٩].

ئـەوەی حـەق ئـەزانێت و دوای ئـارەزووی کەوتووە: ئەو کەسە غەزەب لێ گیراوە.

ئـەوەی نەزانـە و جاهیلـە بـە حـەق: ئـەو کەسە ڕێی بزر کردووە و گومڕا بووە .

غەزەب لێ گیراو گومڕایش بووە لە هەمان کاتـدا، لەبـەر ئـەوەی گـومڕا بـوو لـەو هیدایەتەی کە پێویستە بۆ کارکردن ٠

وە هەروەها گومڕاکانیش لەهەمان کاتدا غەزەبیان لێ گیراوە، چونکە گومڕابوون لەو زانستەی کە پێویستە بۆ کارکردن، کەواتە: هەردوو جۆرەکە گومڕاو غەزەب لێ گیراون.

بەڵام ئەو کەسەی کە حەق دەزانێت وکاری پێ ناکات زیاتر شایانی ئەوەیە کە وەسف بکرێت بە غەزەب لێ گیراو، چونکە جولەکەکان شایانی ئەم وەسفە بوون.

وە ئەو کەسەی کە نەزانە وجاهیلە بە حەق زیاتر شایانی ئەوەیە کە وەسف بکرێت بە گومڕا، بۆیە بوو بەسیفەتی گاورەکان، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

﴿المغضوب عليهم: اليهود، والضالين: النصارى﴾[1].

واتە/ جولەکەکان غەزەب لێ گیراون، وەگاورەکان گومڕان.

وەدابەش بوونی خەڵکی بەسەر ئەم سێ جۆرەدا پێغەمبەرایەتی دەسەلمێنێت.

لەدوای سورەتی فاتحە سوننەتە سورەتێکی تریش بخوێندرێت یان چەند ئایەتێك، بەبێ دەست نیشان کردنی هیچ سورەت و ئایەتێك بە تایبەتی تەنها لەچەند شوێنێکدا نەبێت کە ئەویش لە شوێنی خۆیدا باسی لێ دەکرێت.

---

١- (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٧/ ٣٢٦٣).

## سیانزەهەم: چونە ركوع:

ثم كان(ﷺ) إذا فرغ من القراءة سكت سكتة، ثم رفع يديه على الوجوه المتقدمة في تكبيرة الإفتتاح، وكبر وركع[2]، وأمر بهما (المسيء صلاته) فقال له: [إنها لا تتم صلاة أحدكم حتى يسبغ الوضوء كما امره الله... ثم كبر الله ويحمده ويمجده، ويقرأ ما تيسر من القرآن مما علمه الله وأذن له فيه، ثم يكبر ويركع، (ويضع يديه على ركبتيه) حتى تطمئن مفاصله وتترخى....][3].

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) کە لە خوێندن تەواو بوایە ئەوا کەمێك بێ دەنگ دەبوو پاشان هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە وەکو لەمەو پێش باسمان کرد(لە تەکبیرەی ئیحرام) پاشان الله أكبرى دەکردو دەچووە رکوع.

ئەو بێدەنگیەی دوای خوێندنەکەی(إبن القيم) و چەند زانایەکی تر ماوەکەیان بەوەندە داناوە کە هەتاوەکو هەناسەکەی هەڵدەکێشێت دوای خوێندنەکەی.

## چواردەهەم: چۆنێتی چوونە رکوع

---

٢- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٢٨).

٣- (صحيح سنن النسائي: كتاب الإفتتاح، باب الرخصة في ترك الذكر في السجود، رقم: ١١٣٦).

و(كان(ﷺ) يضع كفيه علـى ركبتيـه)، وكان (يأمرهم بذلك) وأمر به أيضا المسيء صلاته كما مر آنفا.
و[كان يمكِن يديه من ركبتيه(كأنه قـابض عليهما)].
و(كان يفرج بين أصابعه)، وأمر به(المسـيء صلاته) فقال: (إذا ركعت فضع راحتيـك على ركبتيك، ثم فرج بـين أصـابعك، ثم أمكث حتى يأخذ كل عضو مأخذه)
و(كان يجافي وينجي مرفقيه عن جنبه)
و(كان إذا ركع بسط ظهره وسواه)، (حتى لو صب عليه الماء لاستقر)، قال ل(المسـيء صلاته): (فإذا ركعت فاجعل راحتيك على ركبتيك واقدر ظهرك، ومكن لركوعـك)، و(كان لا يصب رأسه، ولا يقنع) ولكن بين ذلك[(٤)].

واتـــە: پێغەمبـــەر(ﷺ) هـــەردوو نـــاو لەپیدەســـتی لەســـەر هـــەردوو ئـــەژنۆی دادەنـا وفـەرمانی پێیـان دەكـرد بەمـە، هـەروەها هـەردوو نـاو لـەپی ئەچەسپاند لەئەژنۆی وەكـو ئـەوەی كـە چـنگی پێدا كردبێـــت، وە پەنجـــەكانی دەكـــردەوە وهـــەردوو ئانیشـــكی ڕویـــان بـــەرەو لاتەنیشتی بوون، وەكاتێك كە دەچووە ركوع پشتی بەڕاستی دادەنا بە شێوەیەك ئەگەر ئاویان بكردایە بەسەر پشتیدا ئـەوا لەسـەری ڕادەوەسـتا، وەهـەروەها ملـی شۆڕ نـاكردەوە وبـەو شـێوەیەیش بـەرزی نەدەكردەوە كە لـە پشـتی بـەرزتر بوایـە بەڵكو لە ئاستی پشتی بوو.

## **پانزەهەم: پێویستێتی دڵنیا بوون لە ركوع بردن** (وجوب الطمأنينة في الركوع):

و(كان يطمئن في ركوعه) وأمر به(المسـيء صلاته)، وكان يقـول: (أتمـوا الركـوع والسجود، فوالذي نفسي بيده إني لأراكـم من بعد ظهري إذا مـا ركعـتم، وإذا مـا سجدتم).
و(رأى رجلا لايـتم ركوعـه، وينقـر في سجوده وهو يصلي، فقال: (لو مات هـذا على حاله هذه، مات على غير ملة محمـد (ينقر صلاته كما ينقر الغراب الدم)، مثـل الذي لايتم ركوعه وينقر في سجوده، مثـل الجائع الذي يأكل التمرة والتمرتين لا يغنيان عنه شيئا).
وقال أبو هريرة(رضي الله عنه): (نهاني خليلي ان أنقر في صلاتي نقر الديك، وأن التفت إلتفـات الثعلب، وأن أقعي كإقعاء القرد).
وكان يقول: (أسوأ الناس سرقة الذي يسرق من صلاته) قالوا يا رسول الله(ﷺ) وكيف يسرق من صلاته؟! قال: (لا يتم ركوعهـا وسجودها).
و(كان يصلي، فلمح بمؤخر عينه الى رجل لا يقيم صلبه في الركوع والسـجود، فلمـا

٤- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٢٩).

إنصرف قال: (يا معشر المسـلمين: إنـه لا صلاة لمـن لا يقـيم صـلبه في الركـوع والسجود).
وقال في حديث آخر: (لا تجـزيء صـلاة الرجل حـتى يقـيم ظهـره في الركـوع والسجود)[5].

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) دڵنیا دەبوو لە رکوع بردنـدا و دەیفـەرموو: بەتـەواوی رکـوع و کڕنوش بەرن، سوێند بەو خوایـەی گیـانی منی بەدەستە، مـن لـە پشتمەوە دەتـان بیـنم کـە رکـوع و کڕنـوش دەبـەن[6]، هـەروەها جارێکیـان پیـاوێکی بـینی بەتەواوی نەچووە رکوع و دەنوك دەدات بەزەویـدا لـەکاتی کڕنـوش بردنـدا، فـەرمووی: ئەگـەر لەسـەر ئـەم حاڵـەی بمرێت ئەوا لەسـەر میللـەتی محمد (ﷺ) نامرێت چـونکە وەکـو قەلـە ڕەش دەنوك دەدات لە خوێن، وەئەو کەسەی کە رکوع بەتەواوی نابات و دەنوك دەدات بەزەویـدا لـەکاتی کڕنـوش بردنیـدا وەکـو یـەکێکی برسی وایە کە دەنکە خورمایـەك یـان دوو خورما دەخوات وپێیشی تێر نابێت.
وە أبـو هريـرة(ﷺ)دەفـەرمێت: خۆشەویستم(ﷺ) قەدەغەی کـردووم کـە لەنوێـژدا وەکـو کەڵەشـێر دەنـوك بـدەم بەزەویدا، وەوەکو ڕێـوی ئـاوڕ بدەمـەوە، وەوەکو مەیمون دابنیشم.
وە لـە فـەرموودەی تـردا دەفـەرمێت: خـراپترین دزی ئـەو دزیەیـە کـەپیاو لـە نوێژەکـەی دەیکـات، ووتیـان ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن لە نوێژەکەی دەدزێت؟! فـەرمووی: بەتـەواوی رکـوع و کڕنوش نابات.
وەهەروەها جارێکیان بەلاچاوی پیاوێکی بینی کە پشتی بەڕاستی و ڕێك و پێکی دانانێت لە رکوع وکڕنـوش بردنـدا، کاتێك کە نوێژەکەی تەواو کـرد فـەرمووی: ئـەی موسڵمانان نوێژ بـۆ ئـەو کەسـە نیـیە کـە پشـتی بەڕاسـتی دانانێـت لـە رکـوع و کڕنوش بردندا.
وە لـە فەرموودەیـەکی تـردا دەفـەرمێت: نوێـژی ئـەو کەسـە تـەواو نیـیە ولێی وەرناگیرێت کە پشت ڕاست ناکاتـەوە لـە رکوع وکڕنوش بردندا.

## شانزەهەم: نزاکانی رکوع:
## (أذكار الركوع)

أ- وكان يقول في هذا الركن أنواعـا مـن الأذكار والأدعية، تارة بهذا، وتارة بهذا:
١- سبحان ربي العظيم وبحمده(ثلاثا).
٢- سبوح قدوس رب الملائكة والروح.

---
٥- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٣٠-١٣١).
٦- پێشەوا الالبانی دەفـەرمێت: ئـەم بینینـە بینینێکی راستیـە، وە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەری خـوا (ﷺ)، وە تایبەتە بەو حاڵەتەی نوێژ کردنەوە، وە هیچ بەڵگەیەك نیـیە لەسەر گشتێتی و هەموو کاتێك.

٣- سبحانك اللهم ربنا وبحمـدك، اللـهم اغفر لي، وكان يكثـر منـه في ركوعـه وسجوده، يتأول بالقرآن.

٤- سـبحان ذي الجـبروت والملكـوت والكبرياء والعظمة، وهذا ما قاله في صـلاة الليل.

٥- اللهم لك ركعت، وبك آمنت ،ولـك أسلمت، (أنت ربي) خشـع لـك سمعـي وبصري ومخي وعظمي وعصبي(وما استقلت به قدمي لله رب العالمين)[٧].

ب- (سبحان ربي العظـيم وبحمـده) ئـەم نزایە لە هەموویان زیاتر لەناو موسڵماناندا باوە کە بخوێنرێت لەبەر ئەوە لەماناکـەی بە ووردی دەکۆڵینەوە:

سبحان/ بـەپاك ڕاگرتنـی خـوای گەورەیـە لەهەموو کەم وکوڕی وناتەواوییەك.

ربي العظيم/ پەروەردگاری هەرە گەورەم.

وبحمده/ سوپاس و ستایشی خوای گەورە هەموو دڵ ودەرونمی داپۆشیوە، لەبەر بێ گەردی وتەواوی ناوە جوانەکان و سـیفاتە بەرزەکانی .

و(كان ﷺ) يجعل ركوعه، وقيامـه بعـد الركوع، وسجوده، وجلسته بين السجدتين قريبا من السواء).

و(كان ينهى عـن القـراءة في الركـوع والسجود)، وكان يقول: (ألا وإني نهيت أن أقرأ القرآن راكعا أو ساجدا، فأما الركـوع فعظموا فيه الرب عز وجل، وأما السـجود فاجتهدوا في الدعاء فَقَمِـن أن يسـتجاب لكم).

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) ڕکوع وبەرزبوونەوە لێی وکڕنوش ودانیشتنی لە نێوان هەردوو کڕنوشـەکەی لێـك نزیـك بـوو. هـەروەها پێغەمبەر (ﷺ) قورئان خوێندنی قەدەغە کرووە لە ڕکوع و کڕنوش بردندا.

وە دەیفـەرموو: ئاگـاداربن مـن قەدەغـەی قورئان خوێندنم لێ کراوە کـە لـە ڕکـوع و کڕنوشدا ،لـە ڕکوعـدا پـەروەردگاری تێـدا بەگـەورە ڕابگـرن، وەلـە کڕنوشیشـدا کۆشـش بکـەن لـە پاڕانـەوەدا " چـونکە نزیکە وشایانی گیرا بوونە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

٦- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٤٦).